نووسینی د . زاهیر سوران .
11 ی ئەیلولی 2004 .

# بەشی فریاگوزارییەکان

## هەناسەدانی دەستکرد (دەم– دەم)

ئەوەی شایانی باسە هەندێکجار مرۆ کوتوپڕ تووشی ڕووداوێك دەبێت یان جاری وا هەیە دەگاتە سەر ڕووداوێك کە مرۆڤێك یان چەند مرۆڤێك بریندارن یان پێویستییان بە یەکەم یارمەتی فریاگوزاری هەیە . لەو هەلومەرجە تایبەتییەدا پێویستە ئازایانە و بێشلەژاندنی سۆزی ئەم کارانە ئەنجام بدرێت تا گەیشتنی کادیرانی فریاگوزاری :

### 1- بۆرییەکانی هەوا  A=AIRWAY

ئایا بۆرییەکانی هەوای نەخۆش چۆڵە , پێویستە خوێن ، لیکو تاقمی ددانی نەخۆش دەربهێنرێت و ناوەندەکە چۆڵبکرێت .

### 2- هەناسەدان  B= BREATHING

ئایا نەخۆش ئاسایی هەناسەدەدات یان نا ؟ نەخۆش گیروگرفتی هەناسەدان یان سوڕانی خوێندا هەیە  تا بە زووترین کات هەناسەی دروستکراوی بۆ ئەنجام بدرێت .

### 3- سوڕانی خوێن C=CIRCULATION

ئایا سوڕانی خوێنی لەشی نەخۆش ئاساییە یان نا ؟ کۆنترۆڵی لێدانی دڵ بکە ، گەر توانرا پەستانی خوێن بپێوە .

## هەناسەدانی دەستکرد (دەم– دەم)

ئاسانترین و باشترین ڕێگا بۆ ئەنجامدانی هەناسەدانی دەستکرد هاوکات ڕزگارکردنی مرۆ لە مردن بریتییە لە فووکردن بە کونە لووتەکاندا تا هەوا بگاتە نێو سییەکانی نەخۆش. ئەم ڕێگایە بۆ مرۆڤێك بەکاردەهێنرێت کە نەتوانێت بەباشی هەناسە بدات ، سەرزارەکی هەناسە بدات یان زۆر بە نارەحەت هەناسە بدات .

1- بە پەلە نەخۆش لەسەرپشت پاڵبخە ، ملی بەرزبکەرەوە ، بۆ خوارەوە پاڵ بنێ بە تەپڵی سەری یەوە. هاوکات بە پەنجە شەویلگەی خوارەوە بکەرەوە تا نەخۆش دەمی بە تەواوی بکاتەوە .




(لووتگرتن و چەناگە بەرزکردنەوە)

2- بە پەنجە کۆنترۆڵی بۆری هەناسە بکە و بزانە هیچ تەنێکی بێگانەی تیایدانییە کە ڕێگە لە هەناسەدان بگرێت . گەر نەخۆش تاقمی لە دەمدا بوو ئەوا دەریان بهێنە .

3- به دوو پەنجە کونە لووتی نەخۆش بگرە ، هاوکات هەناسەیەکی قوڵ وەربگرە و لێوت بنوسێنە بە لێوی نەخۆشەوە و بە هێزی خۆت فوو بکەرە نێو دەم و سنگی نەخۆشەوە .



(فوو پیاداکردن)

4- دەم بەرز بکەرەوە , بڕوانە ئایا قەفەزەی سنگ بەرزونزم دەبێتەوە و لە کاتی هەناسەدانەوەدا هەمان کردار دووبارە و سێ بارە بکەرەوە .



(پاش فووپیاکردن بە تیلەی چاو سەیری سنگی نەخۆش بکە)

5- چوارجاران هەناسەی دروستکراو بدە بە نەخۆش و تەماشابکە ئایا دڵ لێدەدات ، سەرنجدە لە گەڵ هەناسەی دروستکراودا شێلانی دڵ پێویستە یان نا؟

6- بەردەوام فوو بکە بە دەمی نەخۆشەوە نزیکەی (هەر پێنج چرکە یەك جار) تا هەناسەدان ئاسایی دەبێتەوە و پاشتر نەخۆش لەسەر سك بخەرە سەرلایەك (چەپ یان راست) .

## لە کاتی خنکاندندا

(خۆراك ، زەنگیانە ... تاد دەچێتە بۆری هەناسەوە)

1- خنکاو لەسەرکورسییەك دابنیشێنە و سەری بخەرە نێوان ئەژنۆکانییەوە ، بە توندی بە لەپی دەست بکێشە بە پشتیدا (نێوان دەفەی شاندا) .

2- گەر ئەوکارەی سەرەوە ئەنجامی نەبوو ئەوا لە پشتەوە خنکاو بگرەو بە هەردوو دەست لە پڕو توند دووجاران پەستانی بخەرە سەر سك (ژێر کۆڵەکەی سنگ) .



(له کاتی خنکاندنی گەورەدا)

3- گەر 3 جاران ئەو دوو کردارە ئەنجامی نەدا بە دەستەوە ئەوا پێویستە بە زووترین کات نەخۆش بگەیەنرێتە بەشی فریاگوزاری , گەر نەخۆش بێهۆش بوو ئەوا هەناسەدانی دەستکردی بۆ ئەنجام بدە .

**گەر ئەو رووداوە بە سەر منداڵدا هات ئەوا پێویستە :**

- منداڵ لە سەر سك بخەرە سەر ئەژنۆکانت تا دەسەکانی بۆ خوارەوە شۆڕ دەبێتەوە ، پاشتر بە لەپی دەست بکێشە بە نێوان دەفەی شانیدا (پشت) .
- گەر منداڵەکە زۆر گچکە بوو ئەوا توند هەردوو قولە پێی بگرەو سەرەوخواری بکەرەوە بە لەپی دەست بکێشە (زۆر بەهێز پیایدا مەکێشە) بە نێوان دەفەی شانیدا (پشت) .



(له کاتی خنکاندنی منداڵدا)

## خنکاندن لە نێو ئاودا

1- سەرەتا کرداری هەناسەدانی دەستکردی دەم- دەم ئەنجامبدە . بەردەوام ببە تا خنکاو هەناسەدەدات یان تا کارمەندی فریاگوزاری و ئەمبولانس دەگەنە لای خنکاوەکە.

2- کاتێك خنکاو هەناسەی پیادا دێتەوە پێویستە لە سەرلاو لەسەر سك پاڵبکەوێت و پەتۆ یان بەتانیەکی گەرمی پیادا بدرێت بە مەرجێك سەری دانەپۆشرێت .

## خوێنبەربوون

گەر برینەکە گچکەبوو ، لەوانەیە خوێنەکە خۆی بگیرسێتەوە (بمەیێت) .

گەر برینەکە گەورەبوو ، خوێن فیچقەی دەکرد (بە نارەحەتی خوێنەکە دەمەیێت) .

**لەم بارەدا پێویستە ئاگاداری ئەم خاڵانەی خوارەوە بین :**

1- بریندار لە سەرپشت پاڵبخە، لایە (دەست ، پێ) بریندارەکە بەرزبکەرەوە بۆ ئەوەی تەوژمی خوێنبەربوونەکە کەم ببێتەوە .



(ئەندامە بریندارەکە بەرز بکەرەوە تا تەوژمی خوێن کەم ببێتەوە)

2- گەر لە برینەکەدا تەنی بێگانە (لم ، زیخ ، شووشە ، خۆڵ) هەبوو ئەوا هەوڵبدە دەریان بهێنە ، بەڵام ئەو تەنانەی لە قوڵاییدان دەریان مەهێنە تا نەخۆش دەگەیەنیتە بەشی فریاگوزاری .

3- لەژێر پاڵەپەستۆی لەپی دەستدا لەفافێکی پاك بخەرە سەر برینەکە ، گەر دەمی برینەکە کرابۆوە ئەوا هەوڵبدە لە یەکیان نزیك بکەرەوە تا بەیەکەوە بلکێن . (زۆرجاران لەش توانای چاکبوونەوەی شانەکانی هەیە) .

4- هەوڵ بدە برینەکە ببەستە ، گەر لەفافی خاوێن نەبوو ئەوا خاولی یان بۆینباخ بەکاربهێنە .

5- گەر خوێنەکە لەسەر بەستنەکەوە هاتە سەرەوە (دەرەوە) ئەوا لەفافی تربخەرە سەر کۆنەکە و هەوڵ بدە بیبەستە ، بۆ نمونە گەر دەست شین هەڵگەڕا ئەوە مانای ئەوەیە خوێن ناگاتە پەنجەکان و پێویستە بەستنەکە شلتر بکرێتەوە .

6- گەرخوێنەکە هەرنەمەیی (نەگیرسایەوە) ئەوسا هەوڵبدە بە پەنجە پاڵەپەستۆ بخەرەسەر خوێنبەری پێش برینەکە .

## سووتاوی

زۆرجاران سووتاوی بە هۆی هیشکە گەرمی ، شلەی گەرمەوە یان کوڵاتووەوە ، کارەبا ، ماددەی کیمایی یەوە دەبێت . ئەوەی راستی بێت 3 جۆر پلەی سووتاوی هەیە , **کە ئەمانەن** :

1- پلەی یەك .(سوکە سووتاوی)

2- پلەی دوو .(مامناوەندی سووتاوی)

3- پلە سێ (لەم پلەیەدا پێست داپلۆخاوە و بگرە شانەکانی ژێرەوەشی گرتۆتەوە ، پاش سارێژبوون هەست لە شوێنە سووتاوەکەدا نامێنێت) .

**لە کاتی سووتاویدا ئەم خاڵانەت لەبیر نەچێت :**

- گەر جلوبەرگی سووتاو گڕی تێبەربووبوو ئەوا مرۆکە بدە بە زەویدا تا بیکوژێنیتەوە . جلەکان بە دەس یان مقەست بدڕێنە . بە پەڕۆیەك یان بە تانیەك هەوڵبدە ئاگرەکە داپۆشە تا ئۆکسجینی دەورووبەر کڵپە بە ئاگرەکە نەدات.

- شوێنە سووتاوەکە بدەرە بەر ئاوی بەلوعە ( گەر رووبەری سووتاویەکە گەورە بوو ئەوا بە خاولییەکی تەڕکراو داپپۆشە) .

- بە لەفافێکی پاکو هیشك شوێنە سووتاوەکە ببەستە .

- شوێنە سووتاوەکە بەرزبکەرەوە تا نەئاوسێت ، ناوبەناو قومێك ئاوی ساردی خواردنەوە بدە بە نەخۆش .

## له كاتی منداڵبووندا

ئەوەی شایانی باسە جاری وا هەیە سکپڕ لە هەلومەرجی کاتێك ئەو کیسە ئاوەی کە منداڵەکەی تیادایە دەتەقێت , پێویستە سکپڕ دەبێت ئامادەبیٚ بۆ منداڵبوون .

1– گەر سکپڕ پێشر منداڵی تری بووبێت ئەوا منداڵبوونەکەی زۆرخێرا دەبێت (نۆبەرە نارەحەتە) , بە دەگمەن گیروگرفتی پێوە دەچێژێت . کاتێك تەپڵەسەری منداڵەکە دەبینین , ئەوا دەبێت ئامادەبین . پاشتر شانەکانی دەبینرێت لە شێوەی هاتووچۆیەکی (بێنەو برۆ) دا دەبێت تا دێتە دەرەوە , منداڵەکە رامەکێشە بەڵام یارمەتی بدە .

2– بە یەك دەست پێکانی منداڵەکە بگرە و بەپەنجەکانی دەستەکەی تریان هەوڵبدە نێو دەم و کوونەلووتەکانی منداڵ لە لیك پاکبکەرەوە . گەر لە یەك خولەکدا منداڵ هەناسە نەدات ئەوا پێویستە هەناسەی بۆ دروستبکرێت .

3– چاوەڕوان بە تا شریتی ناوك لە لێدان دەکەوێت ، بە 2 دەزوو شریتەکە دوور لە یەك (نزیکەی 10 سم) ببەستە و نێوان هەردوو گرێکە ببڕە .

4– نزیکەی 10–20 خولەك پاش منداڵبوونەکە هەوڵبدە هاریکاری دایکەکە بکە تا وێلاشەکە لە زاماڵدا دەکاتە دەرەوە (شریتەکە رامەکێشە) . گەر خوێنبەربوونەکە توند بوو ئەوا سەروو بەرموسەڵدانی دایکەکە بشێلە تا کادیرانی فریاگوزاری دەردەکەون .

**تێبینی:**

زۆر پێویستە هەموو ئۆتۆمۆبیلێك جانتایەکی فریاگوزاری لەفاف و پاکژکەرەوە و قەیچە و ...تاد پزیشکی تیادابێت بۆ کاتی پێویست .

**سەرچاوەکان**


1. Lars Lind , Mats-Ola, Matson, Thomas Olsson och Urban Safwenberg, LIBER. akut medicin, Stockholm 2001.
2. Familje.läkare, Forum, Första hjälpen, 1987.
3. Per Björgell, Astrid Björgell, Juorläkar boken, Lund. 1987.


## گازگرتنی گیانەوەر
## (Animals Bites)

ئەوەی شایانی باسە هەر یەکێك لە ئێمە لە وانەیە ڕۆژێك لە ڕۆژان گیانەوەرێك گەستبێتی (یان بیگەزێت) و شوێنی گازەکە هەوی کردبێت . ئەمیش یەکێکە لەوبارە تایبەتییانەی ڕۆژانە پاش گەستن ، ڕووشاندنی پێست یان ماسولکەی شوێنە گەستراوەگە مرۆ تووشی ئازار و تا و سورهەڵگەڕاندنی شوێنەکە و هەندێکجار ڕشانەوە دەبێت .

ئەوەی ڕاستی بێت ئەم هەوکردنانە لە هەموو جیهانداو بگرە لە کوردستان دا بە ڕێژەی جیاواز ڕۆژانە دانیشتوان تووشی گیروگرفت دەکەن و گرنگترینیان بریتین لە گەستنی سەگ و پشیلە و مار.

## گازگرتنی سەگ

زۆرجاران سەگ ڕووخساری منداڵ دەگەزێت و بەڵام گەستنی دەست و پا ش بینراوە ، زۆربەی گەستنەکان ئاساییە و لە 15٪ یان شوێنی گەستنەکان هەودەکات .

**فریاگوزاری**

– پێویستە پزیشك بپرسێت ئایا گەستراو بە دژی دەردەکۆپان یان رابیا خۆی کوتراوە یان نا ؟
– خێرا برینەکە بشۆرە ,نمونەیەك لە شوێنی قوڵی ددان یان لە برینەکە وەربگرەو بینێرە بۆ تاقیگا .
– زۆر پێویستە شوێنی گازی سەگ بە کراوەیی بمێنێتەوە تا هەوای لیٚ بدات .

– له کاتی برینی پاش گەستنی دەستدا پێویستە پەنسیلین یان ئێریترۆمایسین بدرێت بە نەخۆش .

**تێبینی** : لە کاتی گەستنی پشیلەدا شوێن گازەکە قوڵترە و زۆرجاران هەودەکات .

**تێبینی** : پاش گەستنی مرۆڤیش دەستنیشانی هەر دووستریپتۆکۆکەس وستافیلۆکۆکەس کراوە .

## گازگرتنی پشیلە

ئەوەی شایانی باسە لە کاتی گەستنی پشیلەدا ماوەی 3 کاژێرشوێنەکە زۆر ژان دەکات . سووربونەوە یان پەنمانی ئاستی گەستنەکە لە 2 سم زیاترە و شوێنەکە شلەی لێدێتە دەرەوە , تا لە سەروو 38 پلەوەیە . لە 50٪ ی بارەکاندا هەوکردن دەردەکەوێت .

**هۆزانی**

بەکتریای (pasteurella multocida) کە بەکتریایەکی گرامنێگەتیفە ناسراوترین بەکتریایە کە دەبێتە هۆی هەکردنی پاش پشیلە گەستن . بەڵام ستافیلۆکۆکەسی ئاوریوس و ستریپتوکۆکەسەکان بە دەگمەن لە نێو گیانەوەراندا دەستنیشانکراوە .

**دەستنیشانکردن**

بەسەرهاتی نەخۆش ، شوێنی گەستنەکە و وەرگرتنی نمونە بۆ تاقیگا زۆر گرنگن .

**چارەسەرکردن**

پێش نیشانەکان یان پاش دەرکەوتنی نیشانەکان ڕۆژانە 3 ژەمی 1گم پەنسیلین بۆ ماوەی 10–14 ڕۆژان دەدرێت بە گەستراو . بۆ منداڵ ئەمۆکسیسیلین بە پێی کێش 3 ژەم دەدرێت بە نەخۆش .

لە کاتی خورشت بە پەنسیلیندا پێویستە دۆکسیسیلین بدرێت بە نەخۆش . گەر ستافیلۆکۆکەس دەستنیشانکرا ئەوسا پێویستە Flucloxacillin بدرێت بە نەخۆش . پێویستە پاش 2–3 ڕۆژان نەخۆش بێتەوە نەخۆشخانە بۆ کۆنترۆڵکردن .

## گازگرتنی مار

لە زۆربەی بارەکاندا منداڵ زیاتر مارانگاز دەبێت وەك لەگەورە .

**نیشانەکان**

شوێنی . ئازار ، پەنماوی ، پەیدابوونی بلۆق ، ئاوسانی لیمفە گرێکان .

بەرتەکی گازگرتنەکە بەندە لەسەر جۆر و کەمو زۆری ژەهری مارەکە و شوێنی گەستنەکە . گیروگرفتی سوڕانی خوێن ، خورپە ، تەنگەنەفەسی ، هێڵنجدان ، ڕشانەوە ، ژانەسك و سكچوون ، خوراندنی لەش و تالێهاتن . دەرکەوتنی گۆرانکارییەکانی پێست ، نیشانەی کۆئەندامی ناوەندی دەمارو هاوکات نیشانەی ناتەواوی گورچیلە و گیروگرفتی مەینی خوێن دەردەکەوێت .

**چارەسەرکردن**

– پشودان و هێمن کردنەوەی نەخۆش .

– کردنەوەی برینەکە .

– کوتانی دژی دەردەکۆپان (لە کاتی گومانگردندا کوتاندنی دژی ڕابیا گرنگە) .

– لە کاتی خورپەدا کۆرتیزۆن و ئەدرێنالین دەدرێت بە مارانگاز .

**سەرچاوەکان**


1– د . زاهیر سوران . نەخۆشییە درمەکان ، بەشی سێهەم ، چاپی یەکەم ، سلێمانی– کوردستان ، 2004 .

1. Iwarsson –Norrby, infektionsmedicin, klinik och terapi, Sՙve Förlag. Sverige. 1998. s 439-450.
2. Arne Tՙrnvik (Brucella och pasteurella) klinisk bacteriologi, Arne Forsgren Gran Kronvall (red), studentlitteratur, Lund, 1996 sida 428-433.